ئەمینداری یەکگرتوو: پەیوستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی مامەڵە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکەدا بن



ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی رایگەیاند، پەیوستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی مامەڵە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکەدا بن.

ئەمە سەبارەت ٢٥ـی ئازاری ٢٠٢٥، سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەگەڵ لەتیف رەشید، سەرۆککۆماری عێراق کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و هەرێم.

هاوکات لە کۆبوونەوەکەدا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ئاماژەی بۆکردووە، پەیوستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی مامەڵە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکەدا بن و داوای کردووە سەرۆک کۆماری عێراق رۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و مافە دەستووریەکان.